# سالمی ساحێبقران

# شایەدحاڵێکی زیندووی

# کۆتایی هاتنی میرایەتی بابان

پ. د. عوسمان دەشتی

ئەکادیمیای کوردی

سالمی ساحێبقڕان (١٨٠٥ – ١٨٦٩ ز)، بە شاعیرێکی گەورە و بەرجەستەی میرایەتی بابان دەژمێردریت، هەرچەندە ئەوشاعیری دەرباری میرەکانی بابان نەبووە، بەڵام لە بەشێك لە شیعرو قەسیدەکانیدا وەکو زمانحاڵ و بڵندگۆی ئەو میرایەتییە خۆی دەنوێنێت، بە تایبەت لەوان ساڵانی کۆتایی تەمەنی میرنشینەکەدا. بنەماڵەی ساحێبقرانەکانی سلیمانی لە ڕۆژگاری دێریندا ماڵباتێکی دیار و دەست ڕۆیشتووبوون و بەشێك بوون لە سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتی میرایەتی بابانەکان. بۆ نموونە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەحمەد بەگی گەورە، باپیرەی سالم و لە دوای ئەویش مەحموود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ، کە دەبێتە باوکی مستەفا بەگی کوردی و مامی سالم، سوپاسالار و وەزیری جەنگی میرنشینی بابان بوون، هەم لە قەلاچوالان و هەم لە سلیمانی. وەکو چۆن سالم خۆیشی نوێنەرو کاربەدەستی بابانەکان بووە، سەردەمێك لە ناوچەی ئێلی جاف و لە دیوانی خەسرەوخانی سەرۆکی هۆزی جاف، هەروەها ڕۆژگارێك لە قزلجە و بۆ ماوەیکیش لە ناوچەی سیوەیل و لە دیوانی مەحموود ئاغای شیوەکەڵدا وەکو نوێنەر و بالیۆزی میرایەتی بووە (حەمەبۆر، ٢٠١٠ ، ب١، ٧٨). سالم وەکو بەشێك لە شیعرەکانیدا و بەتایبەتیش لە قەسیدەکانیدا بە دیار دەکەوێت شاهێدی زیندووی ڕووداوەکانی چەند ساڵی کۆتایی تەمەنی میرنشینەکە بووە. لێرەدا هەوڵ دەدەین شوێنپێی گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانی ساڵانی کۆتایی میرنشینی بابان هەڵبگرین و هەروەها چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی لە شیعر و بەرهەمی سالمدا بخەینە ڕوو.

## سالم و بەجێ هێشتنی شاری سلێمانی:

١- سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کەوا سالم دوابەدوای **ڕووخانی** دەسەڵاتی بابان و بەتایبەتیش دەسەڵاتی ئەحمەد پاشای بابان لە ساڵی ١٨٤٦ز دا سلێمانی جێ هێشتووە و لەگەڵ کۆچ و باری خێزانەکەیدا ڕوویان کردۆتە ئێران. ئەم بۆ چوونە لە پێشەکی چاپی یەکەمی دیوانی سالم (کوردی و مەریوانی، بەغدا، ١٩٣٣)، هەروەها لە پێشەکی چاپی دووەمی دیوانی سالم (چاپخانەی کوردستان، ١٩٨٧٢، ١٦) و هەروەها لە دواچاپی دیوانی سالم(مودەڕیس، ٢٠١٥، ٣٩٨)، ئەنجا لەسەرچاوەی دیکەشدا (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ب٣)دووبارە بۆتەوە. بۆ ئەمە یەکەم و دوا دەلیلیشیان ئەو پارچە شیعرە ناودارەی سالمە کە سەرەتاکەی بەمجۆرەیە:

**ئەلویداع ئەی موڵکی بابان ئەلویداع**
**ئەلویداع ئەی جایی جانان ئەلویداع**

**موستەعیددم بۆ بیلادی ڕافیزی**
**ئەلویداع ئەی ئەهلی ئیمان ئەلویداع**
**وەك ئەسیری تورکمان دەمبەن بە زۆر**
**ئەلویداع ئەی شاهی خووبان ئەلویداع**

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

**دڵ بەرابەر زولفی تۆ وازیح دەڵێ:**
**ئەلویداع ئەی سونبولستان ئەلویداع**
**زەخمی دڵ بۆ ئابی پەیکان تیشنە ما**
**ئەلویداع ئەی تیری موژگان ئەلویداع**
**گەرچی بۆ ئەحواڵی (سالم) بێ غەمی**
**ئەلویداع ئەی ناموسوڵمان ئەلویداع**

(مودەڕیس، ٢٠١٥، ٤٠٠)

ئێمە لامان وایە ئەم بۆچوونەی **ڕووخانی** دەسەڵاتی میرنشین لەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەحمەد پاشا و ڕۆیشتنی سالم بۆ ئێران وەك دەڵێن و کە ئەم شیعرەشی لە سۆنگەدا هۆنراوەتەوە لە جێگای خۆیدا نییە، بەو هۆیەی:

أ- شتێك بەناوی (**ڕووخان**)ی میرایەتی بابان دوابەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەحمەد پاشا لە ساڵی ١٨٤٧ز لەئارادا نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بووە لە نێوان ئەو و عەبدوڵڵا پاشای برایدا، با لەڕێگەی پشتیوانی هێزی بێگانەش بووبێت.

ب - هەر لە بنەڕەتدا شەڕ و کوشتار و پێکدادانێکی ئەوتۆ لەنێوان سوپای نەجیب پاشای والی عوسمانی و لەشکری ئەحمەد چاشادا ڕووی نەداوە. لەشکری ئەحمەد پاشا لە شەوێکداو لە ئەنجامی ڕووداوێکی لە ناکاودا هەرەسی هێناوە و لە ئەنجامدا پەرش و بڵاوبوونەتەوەو مەیدانی شەڕەکەیان چۆڵ کردووە.

ئەحمەد پاشا هەر ئەوەندەی بۆ ماوەتەوە بکشێتەوە بۆ سلێمانی و بەخۆ بە ماڵ و خێزان و دەستوپەیوەندەکانییەوە لە شار دەربچێت و خۆی بگەیەنێتە ناوچەی مەریوان.

ج- لە دوای ئەوە سوپای عوسمانی هاتوونەتە ناو شارو عەبدوڵڵا پاشای بابانی برای ئەحمەد پاشا یان وەکو میری تازەی بابان خستۆتە سەرکار.

ئەم جۆرە لە ئاڵوگۆری دەسەڵات، بە بەکارهێنانی هێزو پاڵپشتی هێزی بێگانە لە ڕۆژگاری ئاوڕەحمان پاشای بابان و هەردوو کوڕەکەیدا مەحموود پاشا و سلێمان پاشایش هاوشێوەی هەبووە. کەوابێت ئەمەی نێوان هەردوو برایان، ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشایش ڕووی داوە شتێکی تازە نەبووە.

٢ـ سالم و خانەوادەکەی بەتایبەتیش مەحموودبەگی فەرماندەی لەشکری بابان لەمەسەلەی ململانە لەسەر دەسەڵات لە نێوان مەحموود پاشای ئاوڕەحمان پاشا لەلایەك و هەریەك لە عەبدوڵڵا پاشای مامی و سلیمان پاشای برایدا لەلایەکی دیکە، لایەنگری باڵی مەحموود پاشا بوون کەلەزۆر کاتدا پشتی بە ئیران بەستووە. (ئەمین ١٩٩٨،١٩٠). بۆیە زۆر ڕەوایە سالم بە هاوڕێتی خێزان و مەحموود بەگی سەرخانەوادەکەیان، لە یەکێك لە شکست و کۆچ ڕەوەکانی مەحموود پاشادا، ئەوانیش بە نا بە دڵی و بەناچاری ڕوویان لە ئێران کردبێت. چونکە وەك سەرچاوەکان دەڵێن مەحموود پاشا بە درێژایی حوکمی پچڕپچڕی بیست ساڵەیدا لە نێوان ساڵانی ١٨١٣ بۆ ١٨٣٤ز، چەند جارێك خۆی و لایەنگرانی ئاوارە و دەربەدەری ئێران بوون، کەوا دوا جاریان لە ساڵی ١٨٣٠ز دابووە، کاتێ سلیمانی جێ هێشتووە و پەنای بۆ وڵاتی ئێران بردووە، هەزار خێزانی لە ماڵە گەورە و مەزنەکانی سلێمانی لەگەڵدابووە. (بابانی، ١٣٦٦، ٧٤).
ئێمە وای بۆ دەچین سالم لە یەکێك لەم کۆچ و ڕەوانەدا ئەم تێکستەی لە شێوەی ماڵئاوایی نامەیەکی نابەدڵ و خۆش لێنەهاتوو نووسیوە. وەکو لە درێژەی تێکستەکەشدا فام دەکرێت، سالم خۆی ڕقی لە دەسەڵاتدارێتی ئێران و بەتایبەتیش زۆر لە دژی شیعەگەرێتی بووە. لە لایێکی دیکەشەوە سالم دۆستی نزیك وگیانی بە گیانی عەبدوڵڵا پاشاش بووە، لەو قەسیدەیەدا کە دواتر باسی دەکەین ، عەبدوڵڵا پاشای لە وێنەی قارەمان و جەنگاوەر و دەوڵەمەتدار وەسف دەکات، هەروەها بە رەمزی دەسەڵات و میراتگری موڵکی بابان ناوی بردووە. ئیتر چۆن بە هاتنە سەر کاری ئەوولێخرانی ئەحمەد پاشا کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ئەو تۆ ڕووی نەداوە. سلیمانی جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئاوارەیی.

## سالم و ساڵانی کۆتایی میرنشین

ئەحمەد پاشای کوڕی سلیمان پاشا (لە ١٨٧٥ ز مردووە) میری ناوداری ساڵانی کۆتایی میرنشینەکەیە، لە نێوان (١٨٣٨ بۆ ١٨٤٧ز) حوکمڕانی کردووە، دوابەدوای لەکارخستن و دوورکەوتنەوەی لە دەسەڵات، کەوتۆتە ئاوارەیی لە مەرکەزی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی. سالم پارچە شیعرێکی لە شێوەی ماتەمنامە بۆ دووری و غەریبی و ئاوارەیی ئەحمەد پاشا نووسیوە (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ب٣، ١٤٤). دیارە مێژووی هۆنینەوەی ئەم شیعرە بۆ کاتی ئاوارەیی ئەحمەد پاشا لە ئەستەنبول، دەوروبەری ساڵی (١٨٥٠ز) دەگەڕێتەوە. چونکێ ئەحمەد پاشای بابان لە دوای (١٨٤٧)وە تا (١٨٥٣) لە ئەستەنبول بەدوور خراوەیی ماوەتەوە. (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٣١)، ئەمەش نموونەیەکی شیعرەکەیە:

**نەما ڕەنگم بەبێ دیداری ئەحمەد**
**چ دڵ تەنگم بەبێ ڕوخساری ئەحمەد**
**سەری پڕ شۆڕشم سەودایی هیجران**
**دوچاوم تاسەحەر بێداری ئەحمەد**
**دەبارێ ئەشکی خوێن گوڵ گوڵ لە چاوم**
**وەکو لەعلی لەبی گوڵناری ئەحمەد**

تا دەگاتە:

**درەختی (کن فکان)ئەووەل کە نێژرا**
**جیهان هات شاخ و بەرگ و باری ئەحمەد**
**لە ژێر باری خەفەت (سالم) سەبوور بە**
**دەنێریێ ئەحمەدت موختاری ئەحمەد**

(مودەڕیس، ٢٠١٥، ٢٦٥)

## شۆرشی عەزیز بەگی بابان

لە ڕۆژگاری حوکمڕانی عەبدوڵڵای پاشای باباندا (١٨٤٧-١٨٥١ز)، عەزیز بەگی کوڕی ئاوڕەحمان پاشای بابان کە دەکاتە مامی عەبدوڵڵا پاشا خۆیشی، دەسەڵاتدار و میری ناوچەی بازیان بووە. کە ئەمە خۆیشی ئاماژەیەکە بۆ ڕەوایەتی حوکمڕانی عەبدوڵڵا پاشا وەکو دوامیری بابانەکان لە ناوچەکەدا. بەڵام لە دوای دەستبەسەرکردن و دوور خستنەوەی بۆ ئەستەنبول لە ساڵی ١٨٥١ز دا، کە بۆتە مایەی پێچانەوەی ئاڵای میرایەتی بابان بەیەکجاری و جێگیرکردنی دەسەڵاتی بێگانەی تورك. بەشێك لە میر و بەگزادەکان و دەسەڵاتدارانی پێشوو لە بابانەکان لەوانەش عزیز بەگ، دەبن بە نەیاری دەسەڵاتی بێگانە و ئامادە نابن سەربۆ قایمقامی تورك (ئیسماعیل بەگی میسری) سەر دانەوێنن. لە دواییدا ئەمانە لە پاڵ هێزێکی زۆریش لە خەڵکانی ناڕازی لەوێنەی مەحموود بەگی مامی سالم و کۆنە سوپاسالاری لەشکری بابان، دەستەیەك لە ئاغاواتی ناوچەی سورداش و هەمەوەند و خەڵکی ناوچەکانی دیکەش لە ژێر ئاڵای عزیز بەگدا کۆدەبنەوە و شۆڕشێك لە دژی دەسەڵاتی تورك بەرپادەکەن. تا ئەوەی دەبن بە هەڕەشەیکی گەورە بۆ سەر سلێمانی و دەسەڵاتی حاکمی تورك لەشارداو ماوەیەك ئابڵوقەی سلێمانیش دەدەن(ئەمین، ١٩٩٨،      ) لەم ماوەیەدا سالم بە دوو قەسیدەی ناوازەی حەماسیی و قارەمانێتی ڕەنگرێژی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەکات. یەکێکیان لە وەسف و ستایشی سەرکردەی شۆڕشەکە عەزیز بەگی بابانە. عەزیز بەگ لە چاوی هەوادارانی دەسەڵاتی بابانەکان، وەکو چۆن لە دیدی سالم خۆشیەوە، لە وێنەی فریادڕەس و قارەمانێکی نەتەوەیی شۆڕشگێر سەیردەکرێت، وەکو چۆن لە قەسیدەکەدا بەدیاردەکەوێت کەوا بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**دەکا دونیایی پڕ شۆڕش بەدایم فیتنەها پەیدا**
**بەنەیڕەنگ و فسوونی ئەو، لەهەر سوویێ وەغا پەیدا**
**عەجەب ماخۆلیایێ بۆ دڵی دونیا موسەڵڵەت بوو**
**لە سەودای موقتەزای تەبعی، بەموختەس، ماجەرا پەیدا**

تا دەگاتە سەر وەسفی عەزیز بەگ و دەڵێت:

**پەناهم شەهسەوارێکە، گوزەرکا گەر بەئەلبورزا**
**دەکا زەربی سمی ئەسپی لە خارا توتیا پەیدا**

**ئەگەر خورشیدی تیغی بێ، بەسەر شەودا شەبەیخوون کا**
**دەکا بەرقی بەیەك پەرتە و لە یەلدادا زیا پەیدا**
**بەهەرلادا بکا جەولان، لە بادی سممی ڕەهواری**
**چرای عومری عەدوو، وەك سوبح دەم، وەزعی فەنا پەیدا**
**بە حوججەت نێزە گەر لێ دا، سیپەر وەك کاغەزی قەندە**
**بەهەر وەزعێ لەگەڵ بازوویی ئەو حوکمی قەزا پەیدا**

ئەنجا لە کۆتاییدا دەڵێت:

**وەلێ تالیع نەبوو، پۆشیدە بە جەوهەر لە ڕووی دونیا**
**بەمەردانی دلاوەر، حاسڵی کۆشش، جەفا پەیدا**
**(عەزیز)ە وا لە ناو چاهە، خوداوەندا نەجاتی دە**
**لە چیهرەی ئەو بکا (یەعقووب)دڵی شێوەی سەفا پەیدا**
**خودایە! موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە، سا لوتفێ**
**بە ئیکسیری وجوودی ئەو بکا وەك موو بەها پەیدا** (مودەڕیس، ٢٠١٥، ٦٣)

عەزیزبەگ وهێزەکەی خۆیان بۆ هێرش و پەلاماردانی شارو ڕزگارکردنی سلیماتی ئامادە دەکەن ، ئەنجا لەچەند قۆڵەوە دەڕژێنە ناو شار و لە چەند بەرەدا دەکەونە شەڕ و نەبەردێکی بێ ئامان لەگەڵ هێزو سەربازانی دەسەڵاتداری ڕۆمی. بەڵام بەهۆی فێڵ و دەهۆیەکەوە کە لە ئارادا دەبێت و بەشێك لە دارو دەستەی بابانەکانی لایەنگرانی تورکیش دەستیان لەو کارەدا دەبێت و لە ئاکامی تۆپ بارنکردنی هیزی شۆڕشگێڕەکان لەناو کووچەو کۆڵانەکانی شاردا، هێزەکەی عەزیزبەگ و شۆڕشگێڕەکان شپرزەدەبن و ژمارەیەکی زۆری کوژراووبریندارایان لێدەکەوێتەوە، زۆریشیان بەدیلی دەکەونە دەستی هێزەکانی تورك، تا ئەوەی عەزیز بەگ و فەرماندەکان و پاشماوەی هێزەکەشیان ناچار بە پاشەکشێ دەکرێن. (دەشتی ، ٢٠٢١، ٤٣٨)
ئەم شەڕو نەبەردییە لە مێژوودا بە( شەڕی بابان و عوسمانییەکان) یاخود(جەنگی عەزیز بەگی بابان) ناسراوە. سالم لە قەسیدەیەکی جەنگنامەی بەرزو شاکاردا ، وردەکاری و ڕووداوەکانی ئەم شەڕەی لە پەردەیەکی پانۆڕامایی زیندوودا بەرجەستە کردووە، سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**لێم گەڕێن با گۆشە گیر بم، دەستە و ئەژنۆ، کەفزەنان**
**گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان**
**شارەزوور بەحرو سولەیمانی لەسەر ئاو، گەمیە ڕەنگ**
**بۆشکستی وەك نەهەنگ بوو، فیتنەیی ئاخر زەمان**
**کێ دوعای کردبێ بە سۆز ئەم ساڵ لە کشتی شەهرەزوور**
**داببارێنێ لە تەنخوای تەرزە ڕۆمی، ئاسمان**

تا دەگاتە دێڕەکانی کۆتایی کەتییایدا هاتووە:

**دیدە نابینایە وەك یەعقووب لە هیجرانی (عەزیز)**
**تۆی خودا ساحێب مەکان و تۆی خودایا لا مەکان**
**کەوکەبەی بەختی (عەزیز)م وا لە چاها بێنە دەر**
**شەعشەعەی ئەمری مونەووەرکا ، زەمین و ئاسمان**
**چەنگڵی شەهبازی بازی بازیانی باز نەدی**
**فش هەڵات کەهیا لەسەر بەیزەی تەمەع وەك ماکییان**
**بۆ مەداری نانی عەشرەت، قەت مەدارێکی نەبوو**
**ئاشەکەی تیبعی بە ئاوی کەیدی ڕۆمی هاتە دان**
**بەختی سووتێ، سا لە ڕێی حەق، حەق حەقی لێ وەرگرێ**
**بەدنمەك گیری نمەك بێ، وەك ئەوانی دا بەمان**

(مودەڕیس،٢٠١٥، ٥٢٤)

ئەم دوو قەسیدەیەی دوایی لە ساڵی (١٨٥١ز) بە دواوە گوتراون واتە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی قایمقامی تورك (ئیسماعیل بەگی میسری)دا، کە سالم خۆیشی لەگەرمەی ئەم ڕووداوانەدا هەر لەشارو لە نزیکەوە شایەدی بارودۆخەکە بووە، بۆیە ڕاستگۆیانە کەفوکوڵی دەروونی خۆی لە ئاست ڕووداوەکاندا دەربڕیوەو بەشێوەیەکی ورد و گشتگیر وێنەی کێشاون.
لە دوای شکست و هەرەسهێنانی شۆڕشەکەی عەزیز بەگی بابان، هیچ دەرەتانیکی ئەوتۆ لەبەردەم شۆڕشگێڕان نامێنێتەوە بۆیە بە ناچاری خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی عوسمانی دەکەن، ئەوانیش وەکوپیشەی هەمیشەیی دووریان دەخەنەوە بۆ تاراوگە.

(ئەمین، ١٩٩٨،    ).
لێرەوە دوا بەدوای ئەم هەموو ناکامی و نەهامەتییانە، کارەساتی پەرێشانی بابانەکان و دەستەو دایەرەکانیان(ڕەعیەتی بابان )، بە جارێك دەست پێدەکات.
سالمیش لە دوای کوژانەوەی دواتروسکایی ئومێد و ئاواتەکانی لەم قۆناغەدا، واتە پێچانەوەی ئاڵای دەسەڵات و میرایەتی ( ئالی بابان) و شکست و هەرەسهێنانی شۆڕشەکەی عەزیز بەگدا، لە ڕێگەی قەسیدەیەکی (٤٨) بەیتی داستان ئامێزدا، کە هەر دەبێت لە دوای ساڵی (١٨٥١ز)دا دایینابێت، بە شێوەیەکی تراژیدی باس لە پەرێشانحاڵی و بارودۆخی نالەباری بابانەکانمان بۆ دەکات، کەوا سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**بەدا ئەحواڵی ئەشخاسێ کە خاسەی موڵکی بابانن**
**لەبێ دادیی فەلەك هەریەك سەراسیمە و پەرێشانن**
**جەوانانی سەهی قەت بەسکی داماون لەبێ چیزی**
**لەژێر باری غەما هەریەك، لەخەمدا میسلی چەوگانن**

**له بابانا گرفتارن، پەرێشان خاترو بێ کەس**
**بەجەمعییەت سیەهـ بەختانە وەك گیسوویی خۆبانن**

تا دەگاتە کۆتایی قەسیدەکە:

**له ئەوزاعی سلێمانی ئەوانەی شاد و ئاسوودەن**
**لە فەرعا نوتفەیی حەیزەن، لە ئەسڵا جینسی شەیتانن**
**له ئەسڵا بانیی ئەم کارە کاسبهایی شەهری بوون**
**لە ئەمری فیتنەئەنگێزا، سەراسەر میسلی مەروانن**
**گەهێ هەمدەردی ئەتراکن، گەهێ هەمعەیشی ئەکرادن**
**لەیەك لا مادەری بەڕڕەن، لەیەك لا یاری گورگانن**
**له زوڵمی چەرخی چەپگەردش درێغا، حەسرەتا، دادا**
**بە میسلی(سالم)ی بێ کەس، گەلێ کەس وێڵی شارانن**

(مودەڕیس،٢٠١٥، ٥٧٦)

## دوا قۆناغ

أ- لەم ماوەیەدا هەر دەبێ ئەو قەسیدەیەش بەسەر بکەینەوە کەوا سالم لە وەڵامی قەسیدە نامەکەی نالیدا هۆنیویەتەوە. نالی لە ساڵی (١٨٥٣-١٨٥٤ز)، لە شامەوە قەسیدەنامەیەکی بۆ سلێمانی و بە دیاریکراویش بۆ سالمی هاوڕێی بەڕێ کردووە، لەگەڵ ئەوەیدا پێ ناچێت نالی لە بارودۆخ و (ئەوزاعی سلیمانی)، لەژێر سێبەری هێزی داگیرکەردا، بێ خەبەر بووبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سۆزو سووتانی غوربەت و نۆستالۆژیا، لە پاڵ حەسرەتی دوورکەوتنەوەو دابڕانی لە دۆست و ئەحباب و دارو دیار، نالی هانداوە نامە بنووسێ و لە سالمی هاوڕێیی گیانی بە گیانی بپرسێت، لەگەڵ ئەو هەموو نسکۆو نەهامەتیانەشدا کە بەرۆکی سلێمانی گرتووە، ئاخۆ دەرتانێك ماوە بۆ ژیان و گوزەران، تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی خاك و وڵات و خەڵکەکەی؟

سالمیش لە قەسیدەیەکی (٣٥) دێری وەڵامنامەیدا، بۆ ئەو پرسانەی نالی لە نامەکەیدا وورووژاندوویەتی، پەنجە بۆ یەکبەیەکی مەسەلەکان ڕادەکێشی و تا ئەوەی لە کۆتاییدا دەستەودامانی نالی دەبێت و بە پەرۆشەوە پێی ڕادەگەیەنێت: دەخیلت بم لەم بارودۆخەدا هەرگیز بەسلیمانیدا نەکەیت گوزەر!:

**توو خوا بڵێ بە حەزرەتی (نالی) دەخیلی بم**
**بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیا گوزەر**
**(سالم) سیفەت لەبێ کەسییا یا نەبێ هیلاك**
**من کردم، ئەو نەکا لە غەما خوێنی حۆی هەدەر**
**ئەم موڵکە نەزمی نابێ بەبێ زەبتی واریسی**
**بێ ئەو، بەقەسدی ئەم تەرەفە، یا نەکا سەفەر**

(مودەڕیس، ٢٠١٥، ٣٣٠)

ب- لەسەرو بەندی هەڵگیرسانی شەڕی دورگەی (قرم- کریمە)، لە نێوان ڕوسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانیدا لە ساڵی (١٨٥٤ز)دا، ڕێگە بە عەبدوڵڵا پاشای دوا حوکمرانی بابان دەدرێت، کە لە ئەستەنبوڵەوە بگەڕێتەوە بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ سلیمانی، بۆ ئەوەی بەناوی جیهادەوە لەشکر کۆبکاتەوە بە مەبەستی پاراستنی سنوورەکانی عوسمانی، نەبادا ئێران فرسەت بهێنێت ولە ڕۆژهەڵاتەوە پەلاماری خاکی عوسمانی بدات. ئەنجا بە گوێرەی ئەو دەنگۆیەی بڵاودەبێتەوە کەوا عەبدوڵڵا پاشا بۆ جارێکی دیکە دەبێتەوە حاکمی سلێمانی، هەندیك لە لایەنگرانی هەر لە ڕێگادا خۆیانی دەگەیەننی و دەچنەوە پاڵی.(بابانی، ١٣٦٦، ٢١).

ت- سالم لەو ئانوساتەدا لە سلیمانی هەواڵی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بەرگوێ دەکەویت، بۆیە شادان و خۆشحاڵ دەبێت و بەگەیشتنی عەبدوڵڵا پاشایش بۆ بەغدا، قەسیدەیەکی ستایشنامەی بەرزو نایاب لە (٤٢) دێردا دەهۆنیتەوە، وەکو نوقلانەیەك بۆ مژدەی گەڕانەوەی دۆستی دێرینی، کە تیایدا عەبدوڵڵا پاشای وەکو قارەمانێکی نەتەوەیی و میراتگری شایانی تەخت و تاراجی بابان وێنا کردووە. ئەگەر چی لە دواییدا ئەم ئاواتەی نایەتەدی و والی بەغدا ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ سلیمانی بە عەبدوڵڵا پاشا نادات و بە هەمان ڕێگادا دەینێرێتەوە بۆ ئەستەمبۆل.

قەسیدەکە خۆی بەم ناونیشانەیە: تهنئه مرخص شدن عبدالله پاشا بابان....... واتە پیرۆزبایی ڕێگە پێدرانی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای بابان.....، کەوا سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**تیرەوەش دەی مەهـ گوزەشت و عەهدی نەیسان هاتەوە**
**بولبولی بێدڵ لە دەوری گوڵ، بە ئەفغان هاتەوە**
**سەختگیری کرد ئەگەر سەرما وەکو ئەفراسیباب**
**بادی نەورۆزی بە میسلی پووری دەستان هاتەوە**
**لەشکری گوڵ جوملە خەندانن دەڵێن سەرما شکا**
**تا سلیمانی سەبا بۆ دێوی زستان هاتەوە**

دێرەکانی کۆتایش بەم جۆرەیە:

**کەوتە ناو کەففەی کەرەم دووبارە خەرجی شەهرەزوور**
**تالیعی دەروێش و موفلیس بوو، کە قائان هاتەوە**
**من بەشك دەموت نەجاتی کەی دەبێ پاشا لە ڕۆم**
**دڵ وتی: سالم یەقینت بێ بە قورئان هاتەوە**
**ئەهلی دانش، حاتەمی بەخشش، بەئەبجەدکەن حیساب**
**با نەڵێن کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە.**

(مودەڕیس، ٢٠١٥، ٨٣٠)

حیسابی ئەبجەد بۆ ڕستەی (کانی کەرەم کەی بوو بە بابان هاتەوە) بەرامبەر ساڵی (١٢٧٠)ی کۆچی دەوەستێت کە ڕێکەوتی ساڵی(١٨٥٤) ی زاینییە.

ئەنجام

- سالمی ساحێبقڕان لە ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەوایەتی بابانەکان، بەردەوام لە سلیمانی بووە و ڕووداوەکانی ئەو چەند سالەی دوایی میراتییەکەی لە ڕێگەی کۆمەڵێك قەسیدەی بەرزو ناوازەوە ڕەنگڕێژکردووە.
- ئەو ڕووداوو پێشهاتانە، یەك لە دوای یەك وبەشێوەیەکی زنجیرەیی، هەر لە دەسەڵات خستنی ئەحمەد پاشا ، دوورخستنەوەی عەبدوڵڵا پاشاو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی بابانەکان، شۆڕشی عەزیز بەگی بابان و نشوستییەکەی ، ئاوارەبوون و پەرێشانی دارودەستەی بابانەکان دوابەدوای ئەو ڕووداوانە، تا دەگاتە دەنگۆی گەڕانەوەی دووبارەی عەبدوڵڵا پاشا بۆ سەر تەختی میرایەتی، لەم قەسیدانە دا ڕەنگیان داوەتەوە. تا ئەوەی مێژوو نوسی هوشیار دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم قەسیدانەوە بەوردی و بەدروستی شوێن پێی ڕووداوەکان هەڵبگرێت.
- ئەم قەسیدانەی سالم، بەشێوەیەکی تایبەتی تیشك دەخەنە سەر چەند لایەنێکی ساڵانی کۆتایی مێژووی میرنشینی بابان و بەو هۆیەوە دەکرێت چەند بۆچوون و لێکدانەوەی باوی نادروست ڕاست بکرێنەوە، وەك ئەمەی ئەحمەد پاشا بەدوا میری بابان و کۆتایی حکومرانییەتی بابانەکان دادەنرێت. یاخود شەڕی (بابان و عوسمانییەکان) بەشەڕی کۆتایی هاتنی میرایەتی یاخود **(ڕووخانی)** میرنشینەکە دەژمێردرێت.
- لە رێگەی ئەم قەسیدانەوە دەشێت جۆرێك لە گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ عەبدوڵڵا پاشای بابانیش بکرێت، کە مێژوونووسان بە هۆی وردنەبوونەوە لە ڕووداوەکان، ڕۆڵ و ناوبانگی ئەم دوا میرەی بابانەکانیان شێواندووە.

سەرچاوەکان


١- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٨، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چ٢، سلیمانی.
٢- بابانی، عبدالقادر ابن رستم، ١٣٦٦، تاریخ و جغرافیای کردستان (سیر الاکراد)،چاپخانە، أرژنگ، تهران.
٣- حمە بۆر، محەمەد مستەفا، ٢٠١٠، دیوانی کوردی، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٤- خەزنەدار، د. مارف، ٢٠٠٣، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٥- دەشتی، د.عوسمان،٢٠٢١، سالمی ساحێبقڕان- باس و لێکۆڵینەوە، بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە، هەولێر.
٦- عەبدوڵڵا، دکتۆر نەجاتی،٢٠٢٢، گەڕان بە دوای مرواری، بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی، هەولێر.
٧- مودەڕیس، مەڵاعەبدولکەریم و ئەوانی تر ، ٢٠١٥، دیوانی سالم، ب١، بنکەی ژین، سلیمانی.